# سۆسیالیزمی خەیالی

ئامادەکردنی

محمد معتصم

یەكێتی نیشتمانی كوردستان

مەكتەبی ڕێكخستن

بەشی ڕوناكبیری

# سۆسیالیزمی خەیاڵی

وەرگێڕان وئامادەكردنی:

موعتەسەم محەمەد

لە بڵاوكراوەكانی بەشی ڕووناكبیری

(59)

سلێمانی ـــــ ٢٠٠٠

# سۆسیالیزمی خەیاڵی

وەرگێڕانی:
موعتەسەم محەمەد

## سوسیالیزمی خەیاڵی

* نووسینی: کامل الزهیری (موسوعة الهلال الاشتراکیة)
* وەرگێڕانی: موعتەسەم محەمەد
* ۱۵۰۰ دانە
* سلێمانی
* کۆمپیوتەرو چاپ: ئۆفسێتی ڕووناکبیری
* کانوونی یەکەم ۲۰۰۰

## سەرەتا:

لەو کاتەوە کە مرۆڤ ژیانی تەنهایی بەجێ هێشتو پێکەوە ژیانی کۆمەڵگای هەڵبژارد، وردە وردە بەرژەوەندی‌یەکان دروست بوونو چەوساندنەوەش بەدوای بەرژەوەندی‌یەکاندا هاتو خۆی بەسەر مرۆڤدا سەپاند.

بەڵام مرۆڤ لە ئاست ئەو چەوسانەوانەدا بێ دەنگو دەستەو ئەژنۆ نەبوو هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدا بوو کە خۆی لە چەوسانەوە قوتار بکات، رەنگە هەوڵی خۆ رزگارکردنو هەوڵی راپەڕینو شۆڕش هەڵگیرساندن زۆربن لە مێژووی کۆنی مرۆڤایەتی‌دا، بەڵام دیارترینیان شۆڕشی کۆیلەکانی ناسراو بە (سپارتاکۆس)ەو کە لە مێژووی کۆنی مرۆڤایەتی‌دا رووی‌دا بێو بەڵگەی ئەوەشە کە مرۆڤ نەسرەوتوەو لە چەوسانەوە بێ دەنگ نەبووە. هەروەها ئاینەکانیش بە جۆرێک لە شۆڕش لە قەڵەم ئەدرێنو هەمیشەش ئاینەکان لایەنگریان لە چەوساوەکان کردوە، چونکە پەیامە ئاینیەکانو پەیامبەرەکانیان سەرەڕای چەسپاندنی خوا پەرستی لە هەوڵی ئەوەشدا بۆنەکە بۆ

خەڵکی بسەلمێنن کە خوا هەموو مرۆڤەکانی بە یەکسانی دروست کردوەو پێویستە مرۆڤەکان یەکتری نەچەوسێنەوەو هەمیشەش بە بیری مرۆڤیان هێناوەتەوە کە ژیان‌و مردن‌و زیندوبونەوەو پاداشت‌و سزای خوایی بە چاکی رەفتارەکانی مرۆڤەوە بەستراوەتەوەو هەر کاتێك مرۆڤ خواپەرست‌و رەفتار چاك بوبێت ئەوان واتە پەیامبەران‌و پیاوە ئاینییەکان مژدەی پاداشتی چاکیان پێداوەو مرۆڤی دڵ رەق‌و چەوسێنەریش مژدەی سزای توندیان پێ‌داوە.

ئەو کەسانەش کە بۆ نەهێشتنی چەوسانەوەو چاککردنی باری گوزەرانی چەوساوەکان خەباتیان کردبێ هەمووکاتێك دژو لایەنگریان هەبوەو هەندێ جار سەرکەوتنیان بەدەست هێناوەو هەندێ جاریش ژێرکەوتن، دیارە ژێرکەوتن هەرگیز کۆتایی بە خەبات نەهێناوەو مرۆڤی سەرکوێر نەکردوەو هەرگیز هیچ فەرمانرەوایەك نەیتوانیوە هەستی بەرەنگاربونەوەی مرۆڤەکان سست بکات‌و رێگا لە بیرکردنەوەیان بگرێ‌و چەوساندنەوەش تا توندتر بوبێ خەڵك زووتر راپەریون‌و راپەرینەکانیش توندترو بەزەبرو زەنگ تربوون.

لـه هـەمان کـاتدا سـەرکەوتنەکانیش کۆتاییـان بـە چەوسانەوە نەهێناوە چونکە کـە مـرۆڤ لـە زوڵـم و زۆری کۆیلایـەتی رزگـار بـوو، زوڵـم و زۆری سـەرمایەداری و برسـێتی و رەش و رووتـی پشـتی پـێ چـەماندەوەو دەسـت و قاچـەکانی شـەقار شـەقار کـرد، لـەدوای سـەرمایەداری و بگـرە لەگـەڵ ئەویشـدا زوڵـم زۆری نەتەوایـەتی و ئـاییـنی و مەزهەبگـەری بـەرۆکی پێگـرت.

دیـاره سوسـیالیزم و سۆسـیال دیموکـرات بـۆ چارەسـەری ئـەو هـەموو زوڵـم و زۆرە پـەیدابون و هاتنەکایـەوەو ئـەوەش ئامـانجی ئێمەیـەو ئەمانـەوێ لەسـەری بڕۆیـن، لـەدوای شۆڕشـی پیشەسـازی لـە ناوەڕاسـتی سـەدەی هەژدەهەمـەوە سـەرمایەداری پێشـکەوتنی گـەورەی بـەخۆوەبینی و ئـامێری گـەورە گـەورە پـەیدابوون و جێگـای مرۆڤیـان گرتـەوەو سـەرمایەدارنیش دەسـەڵاتیان زیـادی کـردو چەوسـانەوەش بـۆ زەحمەتکێشـان ئـەوەندەی تـر زیـادی کـردو کرێکـاران و ژنـان و منـداڵان و پەککەوتەکانیشـی گرتـەوە، خـاوەن کـارو خـاوەن سـەرمایەش تەنـها خـەمی کەڵەکـەکردنی سـەرمایەیان بـوو هیـچ گرنگی یـەکیان بـە مـرۆڤ نـادا چونکـە ئـەوان ئـەیانتوانی رۆژانـەی کرێکـارو

هەق دەستی کارکردن بە ئارەزووی خۆیان دیاری بکەن.

لەو کاتەدا کە مرۆڤ هیچ بەهایەکی نەمابوو، تەنها ئامێربوو بۆ کارپێکردنی ئامێرەکانی سەرمایەداران بیری سوسیالیزم پەیدابوو، هەر چەندە سوسیالیزمی ئەو کاتە لە خەیاڵ دەچوو بەڵام ئامانجیان چاککردنی ژیانی کۆمەڵ بوو.

وشەی سوسیالیزم لە سوسیال(social)ی ئینگلیزییەوە وەرگیراوە کە بەواتای کۆمەڵایەتی دێت و ئەو بەرنامانەی ئەو سەردەمەش بۆ چاککردنی گوزەرانی کۆمەڵ دانرا بوو بۆیە ناونرابوو سوسیالیزم واتە بەرنامەی چاککردنی کۆمەڵایەتی.

وشەی سوسیال بۆ یەکەم جار لە نوسیندا لە ئیتالیا لە ساڵی ١٨٠٣دا بەکراهێنراوەو لە بەریتانیاش ساڵی ١٨٢٧ لەلایەن گۆڤاری (CO-OPERATIVE-MAGAZINE) کە لەلایەن تاقمی سەر بە (رۆبەرت ئۆوین)ەوە وشەی سوسیالیست بەکارهێنراوەو لە ساڵی ١٨٣٢دا وشەی سوسیالیزم لە فەرەنسا و لەگۆڤاری(Le-Glob)ی سان

سیمونیەکانەوە بەکارهێنراوە*. بەڵام لە پێش ئەوەدا کە وشەی سوسیال و سوسیالیست و سوسیالیزم پەیدا ببێت کەسانێك هەبوون ویستویانە باری گوزەرانی کۆمەڵ بە گشتی و کرێکاران بەتایبەتی چاك بکەن هەندێکیان هەنگاویان بۆ ئەو کارەش ناوە، بەڵام سەرکەوتنیان بەدەست نەهێناوە و لەبەرئەوەش کە کارەکانیان بە بەرنامە و زانستیانە دانەڕشتوە و ڕێك و پێك نەبوە بۆیە ناونراون (خەیاڵیەکان)، سوسیالیستە خەیاڵیەکان سێ کەس بوون و بەسێ کۆچکەی زێڕینی سوسیالیزمی خەیاڵی ناوبراون، بۆ زیاتر شارەزا بوون لە ژیان و بیرو بۆچوون و هەنگاوەکانیان و چۆنیەتی بەرەنگاربونەوەیان بەرەو ڕووی زوڵم زۆردا ژیاننامەی ئەو سێ کەڵەپیاوەی سوسیالیزم باس ئەکەین.

---

* فەلەسەفەی سوسیال دیموکرات-د. حمید عزیز- هەولێر ١٩٩٤

## رۆبـەرت ئۆویـن (١٧٧١-١٨٥٨)*

رۆبــەرت ئۆویــن لــە ســاڵی ١٧٧١ لــە نیوتــاون لــە هـەرێمی (مونتجمریشـیر) لـە ولایـەتی ویڵـز لـە بـەریتانیا لـە دایـك بـوە، لـە تەمـەنی (٩)سـاڵیەوە بـەرەو رووی ژیـان بۆتــەوەو لــە دوكـانێكی بـە قـاڵی‌دا وەك شـاگرد كـاری كـردوە، لـە تەمــەنی (١٠) سـاڵیداچوەتە لــەندەن‌و لای بازرگـانێكی كۆنــەفرۆش (تـاجر خردة) كـاری كـردوە لــەماوەی چـەند سـاڵێكدا لـە كـاری جدیانـەو كـاری بەسـۆزەوە توانیویـەتی شـارەزای بـاری كۆمەڵایـەتی ببێ‌و توانیویـەتی سـامانێكی مـام نـاوەندی پێكـەوەبنێ،و كچـی پیـاوێكی دەوڵەمـەندی هێنـاوە كـە لـە گـەورە پیـاوانی پیشەسـازی‌و سـامان داری بـوە، خـەزوری چـەند كارگەیـەكی رستنی لـە (نیولانـارك) بـۆ كڕیـوە، ئۆویـن بـەو هەسـتە كارگوزاری‌یـە بـەرزەوە كـە هـەیبوە توانیویـەتی قـازانجی گـەورە بـۆ كارگـەكانی بەدەسـت بـهێنێ‌و ئاسـتی گوزەرانـی كرێكارەكـانی بەرزكردوتـەوەو بڕیـاری داوە خـانوی باشـتریان بـۆ دروسـت بكـات لــەڕووی تەندروسـتیەوەو، كـاتی كـاركردنی كـەم كـردەوە بـۆ

---

* موسوعة الهلال الأستراكية ل١١-١٥

(دە)کات ژمێر کارکردن و گرنگی زۆری بە منالی کرێکارەکان ئەداو مەی خواردنەوەی لە باوکەکان قەدەغەکردو کۆمەڵەی هاوکاری بەرخۆری (استهلاکی) بۆ دروست کردن. ئۆوین دوو جۆر مەترسی لەدەوروبەری خۆی ئەبینی کە کاریگەریان لەسەر ژیانی کرێکاران هەبوو یەکەمیان دڵڕەقی بەکاربردنی (استغلال) جەستەیی کرێکاران بوو لەلایەن سەرمایەدارانەوە، دوەمیشیان رمانی* کەنیسە بوو بەسەر رۆحی کرێکاراندا، لەدیاریکردنی جیاوازی نێوان سیستمی کۆیلایەتی ئەمریکاو سەرمایەداری بریتانیادا بێ نوسیویەو ئەڵێ: "سیستمی کۆیلایەتی ئەمریکا گەندەڵ و بێ عەقڵە، هەر بە گەندەڵی و بێ عەقلی ئەمێنێ هەتا بمێنێ، بەڵام بە کۆیلەکردنی پیاوی سپی لەلایەن پیاوی سپییەوە و لە کارگەکانی بەریتانیادا زۆر لە سیستمی کۆیلەداری مالآن ئابڕوبەرانە ترە کە لە دورگەکانی هندی رۆژئاواو وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکادا بینیم، ئەو کۆیلانە لە زۆر

---

* وشەی (رمان)م لەجیاتی وشەی (سطو)ی عەرەبی داناوە کە بەمانای (وثب علیه وقهره)دێت.

روەوە بتایبەتی لـــــەڕووی خـــــۆراك و تەندروســـــتی و جل وبەرگـــەوە لـــەو منـــاڵ و کرێکـــارە چەوســـاوانە باشـــتر بوون کـە لـە کارگـەکانی بـەریتانیادا کاریـان ئـەکرد".

ئۆویـــن وەك هـــەموو رۆشـــنبیرانی ســـەردەمی خـــۆی کاریگـــەری "جۆدویـــن"ی لەســـەربوە، بەتایبـــەتی لـــەکاتی نوســـــینەوەی کتێبەکـــــەیدا "دادوەری کۆمەڵایـــــەتی".و هـــــەموو کۆمەڵـــــەوێژەیی و رۆشـــــنبیریەکانی کـــــە گرنگترینیـــــان (کۆمەڵـــــەی مانچســـــتەری وێژەیـــــی و فەلســـەفیە) و ئـــەو کۆمەڵەیـــەش کـــە کیمیـــا گـــەر "جـــۆن والتـــۆن" ســـەرۆکایەتی ئـــەکرد لـــە کۆلێـــژی لایـــەنگرانی یـــەکبون دا "الموحدیـــن" بـــۆ ئـــەوەی بـــیرو بۆچونـــەکانی جۆدویـــن و هلفســـیوس شـــی بکاتـــەوەو لەســـەری بدوێـــن، و ئۆویـــن خـــەوی بـــەوەوە ئـــەبینی کـــە بۆچونـــەکانی یـــان بیردۆزەکـــــانی چۆدودیـــــن بەشـــــێوەیەکی پراکتیکـــــی جی بـــەجێ بکـــات و بیســـەلمێنێ کـــە کەســـایەتی مـــرۆڤ لەســـەر ژینگـــە بـــەندە. ئۆویـــن لـــە یـــەکێك لـــە وتارەکـــانیدا ئـــەو کێشـــەیەی رون کردۆتـــەوە بـــە ناونیشـــانی "دروســـت بونـــی سروشـــتەکان" (تکویـــن الطبـــائع) و تیـــایدا ئـــەڵێ:-

"ئـــەتوانرێ منـــالان رابـــهێنرێن و فـــێری (هـــەر زمـــانێك) بکریـــن، و ئـــەتوانن هـــەر بـــیرو هەســـت و بـــاوەڕێك هەیـــە

وەری بگرن، و ئەتوانن هەر کرداروو داب و نەریتێك کە لەگەڵ پێکهاتەی جەستەیی‌یاندا بگونجێ و دژی پێکهاتەی جەستەیی مرۆڤ نەبێ وەربگرن، و لە هەمان کاتدا ئەتوانین بیانکەین بە مرۆڤی گێل و نەفام" لەسەر بناغەی ئەم رایەی خۆیەوە ئۆوین کاریگەری ئەو سیستمە لە توانا بەدەرەی کە لە کارگەکانی ئەو کاتەدا بەسەر منداڵان و مێرد منداڵان دا سەپێنرا بوو ئەبینی و داوای ئەکرد گرنگی بدرێ بە خوێندن چونکە کاریگەری خۆی هەیەلەسەر دروست بونی کەسیەتی، و ئۆوین بەکردەوە بۆچونەکانی خۆی جێبەجێ ئەکرد بۆئەوەی بیسەلمێنێ کە ژینگە کاریگەری لەسەر دروست بونی مرۆڤ هەیەو لەگەڵ (روبەرت بێل) کاریان بۆ یەکەم یاسای رێکخستنی کار کرد لە ساڵی ١٨١٩دا.

کاتێك کە لە ئەوروپادا جەنگەکانی ناپلیون کۆتایی هات، بێ کاری تەشەنەی سەندبوو سەرمایەداران بانگی ئەوەیان ئەدا بە گوێچکەی خەڵك دا کە ئەبێ توندو تیژی زیاتر بەرامبەر بە کرێکاران بنوێنن، بەڵام ئۆوین ویستی بەسەرمایەداران رابگەیەنێ کە ئەتوانن کۆتایی بەبێکاری بهێنن، پێشنیازی کردبوو کە بێ کاران لە

گونده هەرەوەزیەکاندا کۆ بکرێنەوەو دواتر بە هەنگاوی ئازایانەو گشتگیرتر سیستمێکی گشتگیری هەرەوەزی جێگای سیستمی قازانجو کێ بڕکێ بگرێتەوە. ئۆوین هەستا بە سەردانی شارو پایتەختەکانی ئەوروپا بۆ لێکۆڵینەوە لە سیستمی پەروەردەو بە بیرخەرەوەیەك (مذكرة) داوای لەو پادشاو وەزیرانەکرد کە لە گۆنگرەی (ئێکس لاشابل) بەشداربوون کە هەوڵ بدەن سیستمی هەرەوەزی لە جێگای سیستمی سەرمایەداری دابنێنو دنیا لەسەر بناغەیەکی نوێ دروست بکەنەوە، و لەبیرخەرەوەکەدا مژدەی دەرکەوتنی دنیایەکی نوێی لە ئاسۆدا راگەیاند بۆ ئەوەی زۆربون (وفرة) جێگای دەگمەنی (ندرة) بگرێتەوە، وهێزی زانستی نوێ کاری مرۆڤ والێ دەکات کە ئەتوانی بە ئاسانی سامان پێکەوە بنێ، وئۆوین سەرمایەدارانی لە نغرۆ بوون لە کۆکردنەوەی سەرمایەدا ئاگادارکردەوە. ئۆوین سەری سوڕماو خۆش حاڵ بوو بەو داهێنانە بەرزەی کە زانست بەدەستی دێنێ، وبیری لەو هیوا گەورانە ئەکردەوە کە لە پاشە رۆژدا بەدەستی دێنێ، لای وابوو کە ئەکرێ

سەرمایەداران و کرێکاران هاریکاری یەکتر بکەن بۆ دروست کردنی کۆلۆنیەکی هەرەوەزی.

و لەبەرامبەر ئەو هەموو هیوا بێ سنورەدا کە هەندێ جار سەرەڕۆیانەش بوو، بۆ پاشەرۆژی پیشەسازی و بەرهەم هێنان و زاست و هاریکاری هاوبەشی کرێکاران و سەرمایەداران ئۆوین وای ئەزانی کە پادشا و وەزیرەکان بە ئاسانی بۆچونەکانی وەرئەگرن، بەلام کەبینی گوێیان پێ نەداوە ئەمیش گەرایەوە بەریتانیا و پرۆژە بەناوبانگەکەی خستە بەردەم (ئەنجومەنی شاری لونارك) لە سالی ١٨٢١دا.

وە لەم پرۆژەیەدا کە لەدواییدا دووجەمسەری گرنگی ئابوری کە "ریکاردو مارکس" بوون کەوتنە ژێر کاریگەرییەوە، رۆبەرت ئۆوین داوای کردوە:- کە وریای هێزی کارو رۆلی کاربن، ووتویەتی هێزی دەستی کار ئەتوانرێ بپێوری وەك چۆن هێزی ئامێرەکان بە ئەسپ ئەپێورێ، ووتویەتی نرخی شتومەك و بەروبومەکان ئەبێ پشت بەو بڕەی کارکردن ببەستێ کە بەرهەمی دێنێ و ئەتوانین پێوانەی بکەین بە پێوەرێك کە ناوی نابوو "یەکەکانی کاتی کار" و ئۆوین وای ئەبینی کە ئەتوانرێ پێوەرێکی نوێ بەکاربهێنرێ

بۆ شتومەکەکان لە جیاتی پارەو وای بە چاک ئەزانی کە شتومەکەکان بگۆردرینەوە لەسەر بناغەی نرخی راستەقینەی خۆی، واتە نرخی ساتەکانی کار وەربگیرێت کە شتومەکەکەی پێ بەرهەم هاتوە.

بەلاّم ئۆوین لەبەریتانیاش وەك ئەوروپا توشی گاڵتەپێکردن و سەرسوڕمان هات و لەگەڵ کەنیسەو هێزی مادی سەرمایەداران دا بە یەکیاندااو لەگەڵ ناڕەزاییەکانی هاوکارە (کویکرییین)ەکانی دا توشی ناکۆکی توندو تیژبوو دەربارەی کەنیسەو ئایین هەروەها لەگەڵ هەندێ لە هاوکارانیدا توشی رەخنەی توندبوو کەلێیان گرتبوو لەسەر ئەوەی کە ئەیویست منالّی کرێکارەکان فێری سەما بکاتو بەوە تاوانباریان ئەکرد کە لایەنگیری لە رووت بوونەوە دەکاتو توشی نزمی ئاستی رەوشت بوە، ئۆوین لە ئەنجامی ئەو دژایەتی‌یە کرژو پروپوچانەدا توشی تەنگژەهاتو ئەو پێ‌ی خۆش بوو لەسەر ئەو رێبازە کاربکات "فێربون کار لە کەسایەتی مرۆڤ ئەکات" و ئەو بەرنامەیە جێ‌بەجێ بکاتو راستی‌یەکان بسەپێنێ بەلاّم کە سەری دنیایان لێ هێنایەوە یەك، بڕیاری دا سەفەر بۆ ئەمریکا بکات تا بتوانێ بیردۆزەکەی لەوێ جێ‌بەجێ

بکات و واتـه لـه دنیـای نـویّدا. ئۆویـن پارچەیـەك زەوی لـە ئـەمریکا کـڕی کــە خاوەنــەکانی ئەیانویسـت بچـن بـۆ شـوێنێکی تـرو لەگـەڵ مامۆسـتایەکی پـەروەردەدا بـەناوی "ویلیـام مـاکلور" بــەنیوەیی هاوکـاری یـەکتریان ئـەکرد، کــە خـاوەنی هــەمان بۆچـون بـوو" پــەروەردەو فـێرکردن کاریگــەری لەسـەر کەسایەتی هەیـەو سـەرلەنوێ بنیـاتی ئەنێتـەوە"سـەیر لـەوەدا بـوو کـە ئـەمریکا لـە سـەردەمی ئۆویــن دا بــوو بــە کێڵگەیــەك بــۆ تاقیکردنــەوەکان و شــوێنی مەزهەبەنویّیــەکان، هــەر چــەند کەسـێك لــە ئــەورووپا توشـی تــەنگژەو چەوسـانەوە بهاتنایــە هــەوڵیان ئــەدا بچنــە ئــەمریکاو بۆچونــە مەزهەبــە نویّیــەکانیان جێبـەجێ بکەن وکیشــوەری نـوێ کێڵگەیـەکی بـەپیت بـوو بـۆ هـەندێ تاقیکردنـەوەی کۆمۆنیسـتی و ئەوانـەش کـە لـە کۆمۆنــیزم ئــەچون و ئــەو بۆچونــە خەیاڵیــە (طوبــاوي) ئاینییانــە کــە کەسـایەتی و تــیره ئاینیــەکان داوایــان ئــەکرد، و زۆرجـار چــەند جوتیــارێکی چەوســاوە بــەوە رازی بـوون کـە ژیـانێکی نیمچـە بـاش و دابـەش کردنێکـی کۆمەنیســـتیانەیان بــــۆ بکـــرێ لەبەرهـــەم هێنـــان و بـــەرخواردن داو لەســەر بناغـــەی ئـــاینی رووت و لـــەژێر کاریگــەری ئــەو بانگــەوازەدا کــە ئەیانــەوێ ڕۆحیــان لــە

ژیانی مادی‌و مەدەنی رزگار بکەن‌و لەگەندەڵی‌و ناهەمواری‌یەکانی دنیا رزگاریان ببێت. لە مێژووی ئەو سەردەمەی ئەمریکادا تۆمارکراوە کە جگە لە کۆمەڵە ئاینییەکان‌و کویکرزو هەندێك لەوانەی کە کاریگەری مەزهەبی فرانسوافوریەی سوسیالیستی خەیاڵی فەرەنسیان لەسەر بوو، لە تەنیشت ئەوانیش ئۆوینە هەروەزی‌یەکان، لەسەر ئەوەشەوە کە بۆشایی نێوان ئەم رەوتە مەزهەبانە لەڕووی بۆچونەوە زۆربوو، لە بەدبەختی‌دا کۆڵۆنی " نێو هارمونی" هاریکاری نوێ کۆمەڵێك خەڵکی نەشارەزای بەسەردا باری‌بوو لەسەر بەڕێوەبردنی کۆلۆنیەکە رێك نەدەکەوتن، ئایا بەڕێوەبردنی خودی (ذاتی) بێت، واتە بە هاریکاری کرێکاران لە کێڵگەکەدا بێت یان بە فەرمانی ئۆوین بەڕێوە بچێت‌و گیروگرفتی زۆر هاتە رێگای تاقی‌کردنەوەکەو زۆربەش گیروگرفتی کەسەکان بوو، بۆیە ئۆوین ئەمریکای بەجێ هێشت‌و گەڕایەوە بەریتانیا.

لەو کاتەشدا بەریتانیا تووشی شەپۆلێکی بەهێزی نارەزایی ببوو کە یاسای "ریفۆرمی" مەزنی ساڵی ١٨٣٢ی بەدوادا هات،و گرنگترین پەرەسەندنی

بەریتانیا گەشەکردنی بزوتنەوە سەندیکاییەکان بوو کە لە ئەنجامی شۆڕشی پیشەسازیو بڵاوبونەوەی بۆچونە رادیکالییەکانو خۆ پیشاندانە جەماوەرییەکانو بڵاوبونەوەی باوەڕە هەرەوەزییەکان لەبەرئەوەی ئەو تۆوەی کە ئۆوین پێش چونی بۆ ئەمریکا چاندبوی سەوز ببوو بەڕونی دەرکەوتبو،و کەشێکی گشتی ئیدانەکردنی ئەرستوکراتەکانیش بڵاوببوەوە، بانگەشە بۆ داننان بەنرخی کاردا بڵاوببۆوە وەك چۆن جۆن موكو ریکاردو ئادەم سمیس باسیان کردبوو، ریکاردو لە کتێبەکەیدا "سەرەتاکانی ئابووری سیاسی" سالْی ١٨١٧ وتبوی "کار سەرچاوەی نرخی ئالْو گۆڕە ئەگەر تەنها سەرچاوەی نەبێت" ئەم کرانەوە فکرییەش بۆ تێگەیشتن لە چالاکی ئابووری بو بەهۆی ئەو گەشە سەندنە گەورەیە لە بزوتنەوە سەندیکاییەکان داو لە کۆتاییدا دروست بوونی یەکێتییەکی گشتی بۆ کرێکارانو سەندیکاکان بونە هێزێکی کۆمەلآیەتیو رێکخستنی گرنگو بزوتنەوە هاریکارییەکانیش گەشەیان سەند.

ئۆوین کۆمەڵەیەکی نوێی دروست کرد بە ناوی "هارمۆنی هول" لە هەرێمی "همبشیر" بەلآم هەڵەیەکی

کرد کەوای ئەزانی ئەتوانێ بەرژەوەندی دەوڵەمەندو هەژارەکان یەك بخات، و ئەوەندەی نەبرد ململانێی نێوان سوسیالیستەکانی "کۆمەڵەی هۆش" (الجمعية العقلية) و دەوڵەمەندەکانی لایەنگرانی ئۆوین دروست بوو کە هەمان ناکۆکیەکانی کۆلۆنیەکەی ئۆوین بوو لە ئەمریکاو لەسەر شێوازی بەڕێوەبردن و بەشی هەژاراەکان بوو لەو کۆمەڵە نوێیەدا.

بەڵام سەرنەکەوتنی لە جێبەجێکردندا نەبوە هۆی ئەوەی لایەنگرانی ئۆوین وورەیان بڕوخێ و دەست لە کارەکەیان هەڵگرن بەڵکو کەوتنە ناردنی گروپی مژدەبەر بۆ بڵاوکردنەوەی ئەم ئاینە علمانیە نوێیەو بانگەوازە مەزنەکەی و چالاکیە پەروەردەییەکانیان زیادی کردو کەوتنە دروست کردنی خوێندنگاو پەیمانگای کۆمەڵایەتی.

ئەتوانین بڵێین کە سوسیالیزمی خەیاڵی سێ جەمسەری هەبو ئەوانیش سانسیمون و فرانسوافوریەی فەرەنسی و رۆبەر ئۆوینی، بەریتانی بوون، سەیریش لەوەیە کە سان سیمۆن لە چینی نەجیب زادەکانی فەرەنساو فۆریە لە بازرگانەکان و ئۆوین لە چینی پیشەسازیەکان بوون و داوای لابردنی

سەرمایەداری‌یان ئەکرد بەهەر شێوەیەك بێت‌و دیارە ئەمەش لە ویژدانی ئەو کەسانەوە هەڵقوڵاوە کە بەچاوی خۆیان گەندەڵی چینەکەی خۆیان لەناوەوە بینی بوو.

ئۆوین برێك کتێب‌و دانراوی هەیە لەوانە:-

١. روانینێکی نوێ بۆ کۆمەڵگا ١٨١٢

٢. بانگەوازێك بۆ حکومەتەکانی ئەوروپا ١٨١٨

٣. پلانی سیستمی عەقلی (خطة النظام العقلي) ١٨٢٣

٤. دنیای ئاکاری نوێ ١٨٢٦

٥. شۆڕشی جیهانی (الثورة الكونية)١٨٤٩

٦. مێژووی ژیانم ١٨٥٧

## سان سیمۆن (کلود هنری بالتزار) (١٧٦٠-١٨٢٥)*

مێژوونوسەکان ناکۆك بوون لەسەر ئەوەی سان سیمۆن بخرێتە ناو بیرمەندەکانی سوسیالیزمەوە، بەلام ناکۆکیەکەیان خۆی لەخۆیدا داننانێك بوو بەبلیمەتی سان سیمۆن دا.

دوژمنەکانی سان سیمۆن ئەڵێن خاوەنی کەسایەتیەکی جێگیر نەبوە، حەزەکانی ململانێی لەگەڵ دا کردوەو پاڵی پێوەناوە بۆ سەرکەش نەزۆکانەو دان بەوەدا نانێن کە ئەو یەکەم کەس بوبێ بانگەشەی بۆ دانانی زانستی کۆمەڵناس کردبێ و ئەڵێن سکرتێرەکەی کە دواتر بو بە زانایەکی ناودار کە ئەویش "ئۆگەست کەنت" بوو خاوەنی ئەو چاکەیە بوو کە بەهی سان سیمۆن ناسرا، جوهیە کە یەکێك بوە لە مامۆستاکانی (زانکۆی) سوربون ئەڵێ سان سیمۆن هونەرمەندێکە زۆر ئەخوێنێتەوە بەلام کەم فێر ئەبێت، و فەیلەسوفی فەرەنسی "لیۆن برنشفیج" هەمان بۆچونی هەبوو ئەیوت"سان سیمۆن بلیمەتێکی راستەقینە بوو

---

* هەمان سەرچاوە ل٢٥٧-٢٦٤

بەڵام لە ئاست ڕێك وپێك کردنی بیرەکەیداو ڕێکخستنی ژیانی دا دەستەوەستان بوو".

بەڵام ڕیزێکی دوورودرێژ لە بیرمەندانی سوسیالیزم و داهێنەرانی دان بەوەدا ئەنێن کە سان سیمۆن لە پێشەوەی سوسیالیزمەکانەوەیەو سەرکردەیانە لە دوزینەوەی سەرەتاکانی ئەو شارستانیەتەدا کە مەزن ترین ڕۆڵی هەبوە لە گەشەسەندنی بیری سوسیالیزمدا. هەتا مارکسیش کە بەبێ چاوپۆش ڕەخنەی لێگرتوە لەگەڵ هەموو خەیاڵیەکانی تردا بەڵام دانی بە شوێنەواری گەورەی سان سیمۆن داناوە، کە لەسەر بیری سوسیالیزم بەجێی هێشتوەو کۆمەڵێکی گەورە لەگەڵ مارکس دا یەکدەگرنەوە لەوانە"پرۆدونی ئانارشیزم، و (ئەمیل دورکایم)ی زانای ناوداری کومە لناس، و(هـ.ج.کۆل)ی مێژوونوسی سوسیال دیموکرات، و(جورج جورفتش)ی مامۆستای زانستی کۆمەڵناس لە زانکۆی سوربون و لە ڕاستیش دا سان سیمۆن ڕۆڵی گەورەی هەبوە لە جێگیرکردنی سەرەتاکانی زانستی کۆمەڵناسی نوێدا، ئەگەر تەماشای لێکۆڵینەوەکانی کۆمەڵی سەرمایەداری و لێکۆڵینەوەی کۆمەڵگاکان بکەین بە درێژایی مێژوو

ئەبینین کەسان سیمۆن شایستەی ئەوەیە کە ملمالانێی کۆمەڵناسی عەرەب (ئیبن خەلدون)ی پێبکەین کە زۆربەی زاناکانی رۆژئاوا لەسەر ئەوە کۆکن کە ئیبن خەلدون شوێنی دیاری هەبوە لە تۆودانی یەکەم تۆوی زانستی کۆمەڵناس نویدا.

هەروەها (ماکسیم ئەروا) لە کتێبەکەیدا بەناوی "هنری سان سیمۆن یان سوسیالیزمی بەرهەم هێنەرەکان" ئەڵێ:- "سان سیمۆن دیکارتی دوەمە لە زانستی کۆمەڵناس دا"و لە مێژووی سوسیالیستیدا کۆکن لەسەر ئەوەی کەسان سیمۆن یەکێکە لەوانەی سێ کۆچکەی زێرینی سوسیالیزمی خەیاڵی پێکدێنن، و هەرسێکیان رەخنەیان لە رژێمی سەرمایەداری گرتوە لە سەرەتای دەرکەوتن و سەرەتای خۆ سەپاندنیەوەو سان سیمۆن لە چینی ئۆرستۆکرات بوەو فوریە لە چینی بازرگانەکان بوە، بەڵام سان سیمۆن لە سەردەمی خۆیدا تاك بوەو ژیانی گشتی ئارام نەبوەو لە خێزانێکی دێرینی ئۆرستۆکراتەوە هاتوەتە خوارەوەو باوکی (کونت بالتازار هنری دی سان سیمۆن) بو لە گەورەترین دەرەبەگە خاوەن زەوی و زارەکان بوو لە سەردەمی خۆیداو ئەڵێن لە نەوەکانی

ئیمپراتۆر شارلمان بوە، و ئەوەی ژیانی سان سیمۆنی خوێندبێتەوە لەو نا ئارامیە تیگەیشتوە.

لە ساڵی ١٧٦٠ لەدایك بوەو پێش ئەوەی سیانزە ساڵی تەواو بکات باوکی بردویەتیە کەنیسە (دێر) بۆ ئەوەی هەندێ وانەی پەروەردەیی وەربگرێ لەبەرئەوەی خاوەی کەسایەتیەکی وشك بوەو وەك خەڵکی نەژیاوەو لێیان دورکەوتوەتەوە لە کەنیسەدا ماوەتەوە تاپوری کە فالەتی کردوەو وەری گرتوەتەوەو کاتێك لاو بوو بەخۆ بەخش چوو بۆ شەرەکانی رزگارکردنی ئەمریکاو لە ریزی کۆماری یەکان دا بوە هەتا ساڵی ١٧٨٣ کاتێك کە ئەمریکا رزگاری بەدەست هێناوە پێنج ساڵ لە ئەمریکا مایەوەو لە یادەوەریەکانی دا بەم شێوەیە باسی دەکات "سەربازی کاری من نەبوو بۆیە روم لەلایەکی چالاکی کردبوو کە بە هیچ شێوەیەك خۆی لە قەری سەربازی نادا، ئەویش لێکۆڵینەوە بوو لە رێرەوی بیرکردنەوەی مرۆڤ تابگەمە لوتکەی شارستانیەتی و ئەوەش ئامانجی من بوو.....".

سان سیمۆن بە چاکی درکی بە ئامانجەکانی بزوتنەوەی سەربەخۆیی خوازی ئەمریکا کردبوو کە بەرپەرچ دانەوەی چونە ژێر کۆنترۆڵی سەرمایەداری

بەریتانیا بوو کە لەرێی کۆمپانیای بازرگانی هندییەوە بەتایبەتی سەپێنرا بوو.

لە کۆتایی جەنگی رزگارکردنی ئەمریکادا سان سیمۆن چوو بۆ مەکسیكو رێنمایی دەسەلات دارەکەی کرد(کە لە ژێر کاریگەری ئیسپانیەکاندا بوو) کە ئۆقیانوس و دەریا بە یەکەوە ببەستێتەوە بە دروست کردنی کە نالی رایناریندو.

ئەم بانگەوازەش سەرەتای باوەڕهێنانی بوو بەکێشەیەکی گشتی و گرنگ، ئەویش بریتی بوو لە بەیەکتر گەیاندنی کیشوەرەکان لە رێگای دەریاکانەوە، تا هەموو چمکەکانی دنیا لەیەکتر نزیك بکاتەوە، لەبەرئەوەی هەستی بەوەکردبوو کە دنیا بەرەوپێش ئەچێت روەو بەربەیانێکی نوێی مرۆڤایەتیەکی نوێ، کە لەسەر زانست و پیشەسازی دروست ئەبێ "ئەبینین چۆن سان سیمۆنیەکان رۆلیان هەبوە لە بانگەشە بۆ هەڵکەندنی کەنالی سویس لە میسر".

بەلام داواکەی سان سیمۆن لەلایەن سەرکردەی مەکسیکەوە بە هەند نەگیرا، و بەرەو ئیسپانیا کەوتەرێ، بۆئەوەی داوا لە حکومەتی ئەوێ بکات رێگایەکی ئاوی بکاتەوە بۆ ئەوەی مەدرید بە دەریای

سـپـیەوە ببەسـتێ، و لـە وەدا بـوو بچێتـە نـاو باسـی بڕەپـارەی تـەرخان کـراو بـۆ پرۆژەکـە، شۆڕشـی بـورژوازی فەرەنسـا هەڵگیرسـاو گەڕایـەوە وولاتـی خـۆی و نازنـاوی (کونـت)ی لـەخۆی کـردەوە، و جوتیـاران بـە سـەرۆکی یەکێتی‌یەکـەی خۆیـان هـەڵیان بژارد، و بانگـەوازێکی بـۆ کۆمەڵـەی دامەزرێنـەر کـرد و تیـایدا ووتـی:- "هـەموو هاولاتیـان پێویسـتە یەکسـان بـن لـە کـارە گشـتی و فەرمانـەکانداو هـەر کەسـەو بەپێی توانـای خـۆ"

بەڵام سـەیر لەوەدایـە کـە کـاتی شـۆڕش ئـەو لـە بورصـە کـاری ئـەکردو ببـو بـە بریکـاری کڕیـن و فرۆشـتنی زەوی و زارو ویسـتی سـود لـە شکسـتی نرخـەکان ببینـێ و لـە هـەمان کـاتدا پـەیوەندی بەسـەرکردە (بـابیف)ەوە کردبـوو، کـە خـاوەنی پیلانـی خـاوەن تواناکـان (الاکفـاء)* بـو داوای ئـەکرد کـە توندوتیـژی زیـاتر لـە شـۆڕش دا بـەکار بهێنرێ بۆ ئـەوەی خـاوەن تواناکـان یەکسـان بـن و کۆتـاییش بە خـاوەن زەوی و زارەکـان بـهێنرێ.

ئـەم رێچکـە نـا ئارامـە لـەنێوان پەیوەندی‌یـەکانی بـە کەسـانی تینـوی توندوتیـژی لـەناو شـۆڕش دا، و

---

* (پیلانی خاوەن تواناکان)م لەجیاتی (مؤامرة الاکفاء) داناوە

پەیوەندی‌یەکانی بەو کەسانەوە کە کۆچیان کردبوو شۆڕش دەری کردبوون وای کرد شۆڕش هەڵوێستی لێ وەربگرێ‌و گومانی لێبکات، بەتایبەتی لە پاش ئەوەی کە کەسێکی نەناسراو لەلای (لیژنەی پشکنینی رەخنە دەستوریەکان) (لجنة فحص الطعون الدستورية) سکاڵای دژبە سیمون تۆمارکردبوو تاوانباری کردبوو گوایە پەیوەندی بە چینە ئۆرستکراتەکانەوە کردوەو "لیژنەی دەربازبونی گشتی" بە پشکنین دوای کەوت‌و گومانیان لێ کردبوو بەڵام خەڵکی شارە بچکۆلەکەی‌و بازنەی هەڵبژاردنەکەی بەرەو روی لێژنەکە بونەوەو لەو تەنگوچەڵەمەیەش رزگاری بوو. سان سیمۆن لادێی بەجێهێشت‌و گەڕایەوە پاریس‌و "دامەزراوی سانسیمونی بۆ گواستنەوە" دامەزراند، بەڵام رۆژنامەکانی سەر بە کۆماری‌یەکان هێرشیان کردە سەرو بەوە تاوانباریان کرد کە ئەو کارەی کردوە بە پەردەیەك تا چالاکی‌یەکانی کۆمەڵەی پاشایەتی بشارێتەوە، و سان سیمۆن لە "جورنال دی باری" لە ساڵی (١٧٨٩)دا بە درۆیانی خستەوەو ووتی:- "بۆ چۆن‌و رەفتارەکانی من لە ساڵی ١٩٨٩وە نەیهشتوە دەست گیر بکرێم، لەبەرئەوە من تەنها لە دوژمنەکانی

شـۆڕش ئەترسـم کـە نـازانن کـێ زیـاتر پەیوەسـتە بـە سـەرەتاکانی شۆڕشـەوە". و سـان سـیمۆن خـۆی بـۆ لێکۆڵینـەوە زانسـتییە تیۆرییـەکان گۆشـەگیر کـرد و جێگایـەکی نیشـتەجێ بونـی لەبەرامبـەر یـەکێك لـە خوێندنگاکـانی ئـەندازیاریدا دۆزیـەوە، کەوانـەی گشـتی تیادا پێشکەش ئـەکراو ئـەویش بەوردییـەوە گـوێی بـۆ شل کردبـون. سـەبارەت بـە پەیوەندییـەکانی لەگـەڵ نـاپلیون دا بـە هـەمان شـێوەی پەیوەندییـەکانی بـە شۆڕشـەوە نـا ئـارام بـوو، لـە سـەرتاوە هیـوای بـە نـاپلیون هـەبوو تـاکو جـەنگ و پـەلامارە دەرەکیـەکانی رابگـرێ و ئاگـاداری جۆرێکـی تـر پـەلامار بـێ کەلـەوەی پێشـوو پێویسـت تـرە، ئـەویش پەلامارێکـە بـۆ هێنانەکایـەی دادوەری کۆمەڵایـەتی. بەڵام نـاپلیون ئـاوڕی لـەم بیرمـەندە خەیاڵییـە و نـەجیب زادەیـەی کـەناز ناوەکـەی تـوڕ هـەڵداوە نەدایـەوە، کـە خـەریکی هـەموو سـەروەت و سـامانەکەی ئـەوەی بـۆی بـەجێماوەو ئـەوەش لـە بورسـە دەسـتی کـەوتوە بەسـەر زانـاو رۆشـنبیراندا ببەخشـێتەوە وە پـەیوەندی نێوانیـان گەیشـتە بنبەسـت و پێکـەوە هـەڵ نـەکردن و گومـان لـە یـەکتر کـردن و پۆلیـس مـاڵی سـان سـیمۆنیان لـە سـاڵی (١٨٠٤)دا پشـکنی بـەدوای

کتێبێکدا ئەگەڕان گوایە سان سیمۆن تیایدا ڕەخنەی تاڵی لە ناپلیون گرتوەو ناوی "پرۆژەی پلانێکی نوی بۆ ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی یەکێك لە دۆستەکانی مرۆڤایەتی نوسیویەتی".

سان سیمۆن فەرەنسای بەجێهێشت و لە گەشتێکی ڕۆشنبیری‌دا ڕووی لە ئەڵمانیا کرد، بەڵام بەبێ هودەیی گەڕایەوە چونکە بیری ئەڵمانی ئەو سەردەمە بە سوفی گەرێتیەوە خەریك بوون، و ڕووی لە ئینگلتەرا کردو بەبێ هودەیی گەڕایەوە لەبەر بێ ناوەڕۆکی بیری ئینگلیزی و بە تاڵ بونەوەی لە سەرەتاکان (المبادیء). وکەوتە نوسینی "چەند وتارێك لە یەکێك لە دانیشتوانی جنێفەوە بۆ هاوسەردەمەکانی" ساڵی ١٨٠٣ و تیایدا وتبوی "تاکە چارەسەر بۆ بەختەوەری مرۆڤ ئەوەیە، کە ڕژێمی کۆمەڵایەتیە کۆنەکە لەناو بدرێ و زاناو هونەرمەندان بەڕێوەبردنی کاروباری دنیا بگرنە ئەستۆ" و ئەنجومەنی زاناکانی ناو نابوو "ئەنجومەنی نیوتن" بەناوی زانای فیزیایی ئیسحاق نیوتنەوەو لەسەر نیوتن وتبوی "خواوەند نیوتنی لە تەنیشت خۆی داناوەو ئەرکی ڕێکخستنی کاروباری مرۆڤی خستوەتە ئەستۆ".

لە هەموش سەیرتر ئەوەبوو کە سان سیمۆن یەکێك لە خزمەتکارەکانی راسپاردبوو کە بەبێ بێزاربوون هەموو بەیانیەك خەبەری بکاتەوەوە پێی بڵێ: "گەورەم کردارێکی مەزنت لە پێشە، کەگۆڕینی دنیایەو چاك کردنەوەی گەردونە".

لەدوای پەیماننامەی ئاشتی نێوان ناپلیۆن و ئینگلتەرا خەریك بوو باری سیاسی بەرەو هێمنی ئەچوو، بەڵام باری مادی سان سیمۆن بەرەو خراپی ئەچوو، وازی لە ژیانی خۆش گوزەرانی و بەخشندەیی هێناو لە لێکۆڵینەوە زانستی‌یەکاندا نقوم بوو گرنگی بە فەلەکناس و بیرکاری و کیمیاو سروشت ئەداو بە یارمەتی یەکێك لە خزمەت کارە کۆنەکانی توانی سێ بابەت چاپ بکات کە ئەوەش پێشەکی کارە زانستی‌یەکانی سەدەی نۆزدەهەمی بوو، و چەند نامەیەك بو بۆ نوسینگەی رووپێوی (مساحە)، و سێ وتاربوو ناوی لێ نابوو پرۆژەی فەرهەنگی زانستی کلود هنری سان سیمۆن (١٨١٠). لەم وتارە گرنگانەدا تۆوی (وضعیة)ی تیابوو کە سکرتێرو شاگردەکەی سان سیمۆن "ئۆگەست کانت" دواتر بیروبۆچوونێکی تایبەتی لەسەر دانا، و سان سیمۆن ئەیووت زانستەکان

بە سێ قۆناغدا تی دەپەڕن کە بریتی‌یە لە لاهوتیەت و لەسەر بنەمای خەملاندن و گومان کردن و بارێکی ناوەند لەنێوان خەملاندن و واقعداو دۆخی سێیەم ئەوە (واقع)ە و پێ ی دەڵێن (واقعیة) یان(وضعیة) "وضعیة بە بیرو بۆچونەکانی کانت ناسراوەو داوای کردوە زانین و زانست لەسەر (واقع) و تاقی کردنەوە بنیات بنرێ نەك لەسەر کرۆکی شتەکان (جوهر) (وەرگێری کوردی).

لەسەر ئەو هەموو پێش بینی‌یە زانستیەوە هێشتا وازی لە پەلاماردانی ناپلیون نەهێنابوو کە ئەوە یەکێك بوو لە هیواکانی و نامەیەکی بۆ"مدام دی ستال" ناردبوو کە تیایدا ئیدانەی ناپلیۆنی کردبوو کە"دی ستال"ی دورخستبۆوە، و پتشگیری کردبوو لە دوژمنایەتی کردنی ئیمپراتۆرداو لە یادەوەری‌یەکانی‌دا کە تا ساڵی ١٨٩١ بڵاو نەکرایەوە وتویەتی ئایا ئەو ناپلیۆن ناوە کە تۆی بەدور خستنەوە سزاداوەو وا ئەزانێ ژنان بۆ کاری پڕوپوچ نەبێ بە کەڵك نایەن توانیویەتی وەك ئەو بیرو بۆچونانەی من بەرهەم بهێنێ و کاریگەری هەبێ لەسەر پێشکەوتنی هێزی مرۆڤ؟" ناپلیۆن لەسەردەمی خۆیدا تەنگی بە

رۆشنبیران هەڵچنی بوو یەکەم دکتاتۆر بوو کە وشەی (Intellectule) (بیریار) ی وەك جنێو بەکار ئەهێنا.

وسان سیمۆن لە یەکێك لە لێکۆڵینەوەکانی‌دا بەناوی "بیرخەرەوەیەك لەسەر زانستی مرۆڤ" و لێکۆڵینەوەیەکی لەسەر کێش کردنی (جاذبیة) گشتی وتویەتی:-

"ئیمپراتۆر ئامادەنی‌یە دان بە ئاشتی‌دا بنێ، و هانی یەك زانست ئەدات ئەویش زانستی مردن و لە ناوبردنە". وگرنگترین چاپکراوەکانی ئەو سەردەمەی بەناونیشانی "پیشەسازی "L'industrie (١٩١٦)* و ئەمەی کردبو بە ناونیشانی کتێبێکی رێکخراو. هەروەها سان سیمۆن بانگەشەی دامەزراندنی لیژنەیەکی داهێنانی کرد، کە پێك بێت لە ئەندازیاران و زاناکان و ئەدیبان و پیاوانی خاوەن هزر، و لیژنەیەکی جێ‌بەجی‌کردنی هەبێ لە پیاوانی خاوەن پول.

ئەمجار کتێبێکی رونتری دانا بەناونیشانی سیستمی پیشەسازی و دواتر کردی بە رێنمایی‌یەکانی پیاوانی پیشەسازی. باوەڕی سان سیمۆن بە

---

* ئەم مێژووە (١٩١٦) رەنگە هەڵەبێ و لە راستیدا (١٨١٦) بێت.

پیشەسازی بە پێچەوانەوەی فوریەوە گەیشتەوە ئەو ئاستەی پیشەسازی کردە ئامانجێك بۆ رزگارکردنی کۆمەڵگاکان لە دەرەبەگایەتیو شتە نادیارەکان (غەیبییەکان)وداوای کرد مۆسیقاو سرود بخرێتە کارگەکانەوە بۆ ئەوەی کرێکاران گوێی لێبگرنو داوای لە "رۆجیەدی لیل" کرد کە خاوەنی سوردی "مارسیز"ی بەناوبانگ بوو تا ئاوازێك بۆ کرێکارانی پیشەسازی دابنێت، و لێرەدا سان سیمۆن لە رۆبەرت ئۆوین نزیك ئەبێتەوە"تەنها لەم سنورەوە" چونکە باوەڕی بە پێویست بوونی فێربوون هەبوو. وکرێکاران پشکێکیان لە رۆشنبیری ئەگەر هەبێ، یارمەتی زیادکردنی بەرهەم ئەدات. رەنگە ترسناکترین شت کە سان سیمۆن پێشکەش بە هزری سوسیالیزمی کردبێ بۆچونەکانی بێت بۆ مێژوو، کە بە یەکەیەکی بەردەوامی لە قەڵەم ئەداو ئەیوت "ناتوانین لە ئەمڕۆ بکۆڵینەوە لەبەر رۆشنایی لێکۆڵینەوەکانمان نەبێت بۆ رابردوو"و باوەڕی بە بۆچونی پێشکەوتنی پێچەوانە* (مطرد) هەبوو، و ئەوەی رەت ئەکردەوە کە

* پێشکەوتنی پێچەوانەم لە جیاتی (التقدم المطرد) داناوە.

مێژوو بە مێژووی دەسەلآت دارو پادشاو پاڵەوانەکان بێت. و داوای کردبوو کە لێکۆڵینەوە بکرێ لەسەر هۆیەکانی هەڵگیرسانی شۆڕش و گۆڕانکاری یەکان. ئەم تێڕوانینە بۆ مێژوو بە چەند هۆکارێك جیا ئەکرێتەوە ئەمانەن:-

یەکەم: رەت کردنەوەی هەموو شیکردنەوەی رەسمی یەکان.

دووەم:- داننان بەهۆکاردا لە گەشەکردنی مێژوودا.

سێیەم:- بتوانرێ لێکۆڵینەوە لەسەر ئێستا بکرێ لەبەر رۆشنایی رابردوداو بتوانرێ پێشبینی داهاتو بکرێ لەبەر رۆشنایی لێکۆلینەوەکانی ئێستادا.

بێ گومان ئەم تێڕوانینە بە تەواوی نوێ بوو بۆ بیرمەندانی سەدەی (١٨) و تێڕوانینێکی سەرتا سەر ئازادنەو دڵ گەرم بوو بۆ لێکۆڵینەوەی زانستی، ئالێرەوە سان سیمۆن توانی پەنجە بخاتە سەر یەکێك لە کلیلە گرنگەکانی گەشەکردن کە ئەویش خاوەنداریێتی یە. و لە کتێبەکەی دا بەناوی "دووبارە رێکخستنەوەی کۆمەڵگەی ئەورووپی" ١٨١٤ وتویەتی:- "ناکرێ هیچ گۆڕانکاری یەك لە سیستمی

کۆمەڵایەتی‌دا بکەین ئەگەر گۆڕانکاری‌یەك لە سیستمی خاوەنداریتی‌دا رونەدات".

سان سیمۆن "ئەو ئۆرستکراتیەی هەنگاوی بەسەر ئۆرستکراتیەت دانا" حەسرەتی رۆشنبیرانی بەرامبەر بە ناپلیۆن‌و درویّنەی بەروبومەکانی شۆڕش بۆرژوازی فەرەنسی، کە بە دروشمی (شۆڕشگێڕانەی وەك) "یەکسانی، برایەتی، ئازادی" دەستی پیکردو لە ژێر دەسەلاتی ناپلیون دا بە دروشمی پاریزگارانەی "کار، نیشتمان، خیزان" کۆتایی هات دەردەبری‌ووتی "دەشی گورِوتین لە پێناوی بەرژەوەندی گشتی‌دا یارمەتی رازی بوون بە قوربانی دان بدات کە پێویستە بۆ گۆڕانکاری، کە ئەمەش قۆناغی یەکەمی هەموو شۆڕشێك‌و لە قۆناغی دوایی‌دا ئەو کەسانە دەرئەکەون کە ئامادەی قوربانی دان نین‌و لەو کاتەشدا ناتوانریّ زاڵ بون بەسەر بەرەنگاری خاوەن مڵکەکاندا بهێنریتەدی، ئەگەر خەڵکە هەژارو بیّ مڵکەکە چەکدارنەبیّ‌و لیرەشەوە شەڕە ناوخۆیی‌یەکان (دەست پیّ دەکات)و کوشتارگەکان بەرپادەبن... هتد..."و سان سیمۆن بانگەشەی دەست بەرداربون لە مشەخۆرو بیّ بەرهەمەکانی کرد کە مەبەستی نەجیب

زادەو خاوەن نازناوە دەرەبەگی یەکان بوو، و هیوای بە بەرهەم هێنەرانی لە کرێکارو جوتیار زاناو وێژەوانانو بیرمەندانو پیشەوەران بەستو هیوای لەسەر پیشەسازی هەلچنی بوو "بەپێچەوانەی فوریەوە کە داوای کشانەوەی لە شارە پیشەسازی یەکان دەکرد"و سان سیمۆن وای ئەبینی کە پیشەوەر ئەو کەسەیە کار لەپێناوی پێشکەوتن دا ئەکات، وپیشەسازیش بە بۆچونی ئەو بەرهەم هێنانەو پیشەوەرانیش بەرهەم هێنەرەکانن.

بەلام بەرهەم نەهێنان خاوەن دارێتیەو ئەو کەسانەش کە لەسەر داهاتی زەوی و زارو کارگەکان ئەژین ئەوانە(بەرهەم نەهێنەرەکانن)، بەلام ئەو خاوەن کارگەی لە کارگەدا کار ئەکات بەرهەم هێنەرو پیشەوەریشە. هەروەها نوسەرانو رۆژنامەنوسانو ئەدیبانو هونەرمەندان بەرهەم هێنەرنە، و ئاشکراشە کە سان سیمۆن باس لەسەردەمی خۆی ئەکات کە هێشتا سەرمایەداری لە بەرێوەبردن جیانەکرابۆوەو سەرمایە نەگۆرابوو بۆ سەرمایەی دراوی.

سان سیمۆن وەك سوسیالیستە خەیالیەکانی تر لایەنگری لە رەوشتی کار ئەکردو کاری بە بەختیاری

ئـەزانی بەرهـــەم هێنـانی بـەخێروبێر ئـەزانی بـۆ تـاك‌و خـێزان‌و کۆمـەڵ، هـەر چـەندە بـە تـێڕوانینی ئـەو دەبـوو دەوڵـەت سیسـتمی نـویٚ جیٚبـەجیٚ بکـات"بەپێچەوانـەی فوریـە" بـەڵام لـەدیدی ئـەودا قوربـانی دان بـە تـاك‌و بـە ئـازادی تاکەکـەس مەترسـیەکی گـەورە بـوو لەسـەر سیستمی نویٚ.

بەدڵنیاییـەوە سـان سـیمۆن‌و بیروبـاوەڕە سـان سـیمۆنیەکان کاریگـەری گـەورەیان هـەبوە لەسـەر هاوسـەردەمەکانی خـۆی، و فوریـە بـە بـەردەوامی گـازەندەی لـە کـەمی لایـەنگرانی خـۆی‌و زۆری لایـەنگرانی دژەکـەی سـان سـیمۆن دەکـرد.

بـیرو بۆچونـەکانی سـان سـیمۆن لـەپاش مردنـی کاریگـەریان هـەرمابوو گروپـی سـان سـیمۆنیش دروسـت بـوون‌و کیٚڵگـەی بـەپیتنیان لـەنێوان خوێندکـارانی خوێندنگـای ئـەندازیاری‌دا دۆزی‌یـەوە بـەناو بانگترینیـان "برتلمـی بروسـیر ئـەنفانتان" کـە لایـەنگرە پـەرت‌و بڵاوەکـانی لـە یـەك خوێندنگـادا کۆکـردەوەو یـەکێکی تریـان "شـارل لامبیر" بـوو هـەندیٚ لـە مێژوونوسان ئـەڵێن مارکسـیش کاریگـەری گـەورەی بـیرو بۆچونـی سـان سـیمۆنی لەسـەر بـوە، لەبەرئـەوەی شـاعیری ئـەڵمانی

"هـــاینی" کـــه بـــرادەری مـــارکس بـــوو، یـــەکێك بـــوو لـــە لایـــەنگرانی ســـان ســـیمۆن‌و هـــاوڕێی گەشـــتەکانی مـــارکس بوو لە پـاریس..

هـــەندێك لـــە توێژەرەکـــان لەســـەر ئـــەوە کۆکـــن کـــە سوســـیالیزمەکانی ســـەردەمی مارکســـیزم لـــە هـــەوڵی گەڕانـــەوەدان بـــۆ پێـــش مارکســـیزم‌و گرنگترینیـــان ســـان ســـیمۆنیەتە، ســـارتەریش هـــەمان دیـــدی هـــەبوو لـــەکاتی شـــیکردنەوەی بۆچونـــی هـــەندێ لـــەو سۆســـییالییزمانەی دژ بـــە مارکســـیزم بـون لـــە فەرنســـادا. و ئـــەتوانرێ هـــەمان را لەســـەر هـــەندێ لـــەو بیروبۆچونانـــەدا جێ‌بـــەجێ بکـــرێ کـــە لـــە وڵاتـــە عەرەبیـــەکانداو لـــە پێـــش قۆنـــاغی خۆمـــاڵی کـــردن دەرکـــەوتن واتـــە پێـــش ١٩٦١، کـــە لـــە هـــەوڵی ئـــەوەدا بـــوون (بـــەئاگایی بێـــت یـــان بـــەبێ ئاگـــایی بێـــت" کـــە راکـــانی خۆیـــان ببەنـــەوە ســـەر ســـەرەتاکانی ســـان ســـیمۆن، لەبەرئـــەوەی لـــە بانگەشـــەی ســـان ســـیمۆن دا پێشـــکەوتن‌و پیشەســـازی‌و دەســـت وەردانـــی دەوڵـــەت لـــە بنـــەما فیکریـــەکاندا ئـــەبینن.

ســـەیریش لەوەدایـــە کـــە کاریگـــەری سانســـیمۆن لـــە میســـر تەنـــها لەســـەر چـــەرخی نـــوێ نـــەبووە بـــەڵکو کاریگـــەری ســـان ســـیمۆن بەتایبـــەتی لـــە ســـاڵی ١٨٢٥دا

گەڵڵە بوە کاتێك کە سان سیمۆنیەکان کۆچیان کرد بۆ میسرو چاویان بە محمد علی کەوت.

هەندێك لە کتێبو دانراوەکانی سان سیمۆن ئەمانەن:-

١. چەند نامەیەك لە یەکێك لە دانیشتوانی جنێفەوە بۆ هاوسەردەمەکان١٨٠٣

٢. هەوڵەکانی رێکخستنی کۆمەڵایەتی ١٨٠٤

٣. سەرەتایەك بۆ کارە زانستییەکانی سەدەی نۆزدەهەم ١٨٠٧-١٨٠٨

٤. مێژووی مرۆڤایەتی "ئاگادارکردنەوە" ١٨١٠

٥. پرۆژەی فەرهەنگی زانستی کلود هنری سان سیمۆن١٨١٠

٦. توێژینەوەیەك لە زانستی مرۆڤایەتیدا١٨١٣

٧. لە دووبارە رێکخستنەوەی کۆمەڵگەی ئەوروپیدا ١٨١٤

٨. لە سیستمی پیشەسازیدا١٨٢١

٩. بۆچونە ویژەیی و فەلسەفی و پیشەسازییەکان١٨٢٤

١٠. مەسیحیەتی نوێ ١٨٢٥

## فۆریه "چارلس فرانسوا فوریه" ١٧٧٢*

ئەمیش یەکێك بوە لە سێ کۆچکەکەی سوسیالیزمی خەیاڵیو لەگەڵ سان سیمۆنو رۆبەرت ئۆوین دا جیاوازی‌یەکی گەورەی هەبوە، هەرچەندە لە سەردەمی سان سیمۆنو لە هەمان وڵات ژیاوە (فەرەنسا)، بەڵام هەردوکیان دووجەمسەری دژ بەیەك بوون لە دروست بونیان داو لە رۆشنبیریانداو لە هەوەسو بیرو بۆچونیشیاندا.

(چارل فرانسوا فوریە) خاوەنی کەسایەتیو پێکهاتەیەکی هێمن بوە، بەڵام سان سیمۆن خاوەنی پێکهاتەو هەوەسێکی ئاگری بوە، فوریە رۆمانسیەتی خۆی لە ژمێریاری وردبینی‌دا شاردۆتەوە، بەڵام سان سیمۆن گەردەلولێکی بەهێز وتوندوتیژ بوەو لە نێوان کیشوەرەکاندا هاتوچۆی کردوەو لەنێوان پلەوپایەکاندا ئەم دیوو ئەودیوەی کردوەو سامانەمە زنەکەی لە چەند ساڵێکدا لەناو ئەبات.

فوریە بەلای کشتوکاڵو باخچەسازی‌دا ئەیشکاندەوەو حەزی لە شارە گەورەکان نەبوو،

---

* هەمان سەرچاوە ل٣٦٩-٣٧١

بەرامبەر بە پیشەسازی رەش بین بوو، بەلام سان سیمۆن باوەڕی بەپێش کەوتن بوو لەرێگای پیشەسازییەوەو بانگەشەی بۆ پێکەوەگرێدانی کیشوەرەکان ئەکرد لە رێگای کەناڵە ئاوییەکانەوەو فوریە کۆمەڵگەی نوێی دوور لەدەسەڵاتی دەوڵەت وینائەکردو سان سیمۆن بەپێچەوانەوە داوای ئەکرد پشت بە دەوڵەت ببەسترێ.

سەیر ئەوەیە ئەو بیرو بۆچونانەی دژ بە سەرمایەداری ئەو سەردەم لە ئۆوینی سەرمایەدارو سان ئیمۆنی نەجیب زادەو "کۆنت"ی پێشترو فوریەی بازرگانەوە پەیدا دەبوون. و رەنگە تاقیکردنەوەکانی ئۆوین لەنێوان بازرگانو سەرمایەداران دا خەوشەکانی سەرمایەداری بۆ دەرخستبن لەرێگای پسپۆری خودی خۆیانەوەو لەرێگای سەرنجە تایبەتیەکانی خۆیانەوە لەبەرئەوەی ئەزموونو پسپۆرییەکانی خۆیان تەنها سەرچاوەی بیرو بۆچۆنەکانیان بوە کە بۆیانی دەرخستوە کە لە کۆمەڵگەی کۆندا سەرمایەداری سەرچاوەی گەندەڵییەکان بوە، و هەر ئەو هۆیەش بوەتە هۆی ئەوەی هەریەکەو کەسایەتی تایبەتی هەبێت چونکە ئەزموونی تایبەتی خۆی هەبوەو جیاواز

بوه لـه ئـهزموونی ئـهوانی تـر. فوریـه لـه ژیـانیدا ئـهو ناوبهنگـهی پـهیدا نـهکرد کـه سـان سـیمۆن و ئۆویـن پـهیدایان کـرد، و رهنگـه لهبهرئـهوهش بوبـێ کـه ئۆویـن توانـی خهونـهکانی خـۆی لهسـهر ئـهرزی واقیـع بهێنێتـهدیو سـان سـیمۆنیش خـاوهن کهسـایهتیهکی جێگیرنـهبوهو جارێك لهسـهرهوهی پـهیژهی کۆمهڵایـهتیدا بوهو جارێك لـه دامێنـی ئـهو پهیژهیـهدا بـووه، بـهڵام فوریـه هێمـنو خـۆش خـهیاڵ بـوهو بهرهبـهنی بـه تهنـهایی ژیـاوهو رۆمانسـیهتی خـۆی لـه پشـتی پـهردهی وردبینـیو گرنگـیدان بـه ژمـارهوه شاردۆتهوهو کۆتـایی ژیـانی بـهوه هـاتوه کـه شـتهکانی تێکـهڵ کـردوهو شـێت بـوهو لـه ئهندێشـهیدا خـهونو راسـتیهکان تێکـهڵ بـونو ئـهو تێکـهڵ بونـهش لـه لاپـهرهی کتێبـهکانی کۆتـایی ژیـانی دا دهرکـهوتوه. هـهتا خوێنـهره کهمـهکانیش سهرسـام بـوون کـه نوسـینهکانیان بینـی لهسـهر شـێره دژهکـان "السـباع المضسـادة" و"دهریاکـانی شـهرابی لیمـۆ" و هـی تریـش.

فوریـه لـه سـاڵی ١٧٧٢ لـه بیزانسـیون لـه فهرنسـا لـه دایـك بـوه، و یاسـای لـه لیۆنـی فهرهنسـا خوێنـدوهو لـه بازرگـانیدا کـاری کـردوه. بـهڵام لـه بازرگـانیدا توشـی تـهنگو چهڵهمـه بـوو ئهوسـا روی لـه نوسـینو دانـان کـرد،

لــە رۆژنامــەی "بلاوکــراوەی لیــدن"دا وتــارێکی بــەناوی خــوازراوەوە بلاوکردۆتــەوەو تیــایدا هێرشــی کردۆتــە ســەر نــاپلیۆن، نــاپلیۆنیش فوریــەی ناونــابوو خــاوەنی کورســیە بەتاڵەکــە لەبەرئــەوەی کــە لــە قاوەخانــەکاندا لــە پــاریس دائەنیشــت لەگــەڵ هاوڕێکــانیدا هێرشــی ئــەکردە ســەر ســان سیمۆنو هاوبیرەکــانیو بــە بــەردەوامی گــازندەی لــە ســان ســیمۆن ئــەکرد لەبەرئــەوەی لایــەنگری زۆری هــەبوو بەتایبــەتی لــەناو خوێندکــارانی ئــەندازیاری ســەربازیداو فوریــە هەمیشــە داوای لــە دۆســتو هاورێکــانی ئــەکرد کــە کورســـی‌یەکی بـــەتاڵ لـــە تەنیشـــتیەوە دانێـــن چونکـــە پیاوچــاکێك دێــتو لەســەر ئــەو کورســیە دائەنیشــێو هــەموو بۆچونــەکانی فوریــە جێبــەجێ ئــەکات بــۆ هــەتا هەتایــە فوریــە لــە چــاوەڕوانیدا مایــەوەو کەســیش نــەهاتو خەونــەکانی فوریــەش بــە خــەونیو لەســەر کاغــەز مانــەوە.

خاڵی دەست پێکردن لـە بیرو بۆچونـی فوریـە باوەڕی بـوو بـەوەی کـە تـاك بـە هـەموو دڕندەیـیو پیاوخراپی‌یەکیـەوە ئەکەوێتـە ژێـر کاریگـەری سیسـتمێکی کۆمەڵایـەتی کـە لەگـەڵ سیسـتمی ئەسـتێرەکاندا رێـك دەکـەوێت، و کـاری سیسـتمی

کۆمەڵایەتیش ئەوەیە کە بگۆڕێت هەتا لەگەڵ سروشتی تاکەکاندا یەك دێتەوە، فوریە لێرەوە جیاواز بوو لەگەڵ سان سیمۆن و رۆبەرت ئۆوین دا، لەبەرئەوەی ئەوان ئەیانویست کۆمەڵگەو تاك بگۆڕن بەڵام فوریە ئەیویست ژینگە بگۆڕێ بۆ ئەوەی لەگەڵ حەزە سروشتیەکانی مرۆڤدا بگونجێ و لێرەوە بیرۆکەی کشانەوەی لە شارە گەورەکانی پیشەسازی لەلای فوریە گەڵاڵە بوو چونکە ژینگەی ئەو شارانە بە دوکەڵی کارگەکان و زۆری دانیشتوانی پیس بووە، و پرۆژەیەکی بەناوی "نالاستیر"ەوە داناو پێشنیاری کردبوو کە کۆمەڵی بچوك دروست بکرێ، و تیایدا (١٦٠٠-٢٠٠٠)کەس کۆبکرێتەوەو هاوکاری یەکتر بکەن لە کارو بەرهەم هێنان داو بەم شێوەیە بەکاربردن (استغلال) نامێنێ لەبەرئەوەی خاوەن پارەو خاوەن کارو خاوەن بەهرە پێکەوە کاردەکەن، و داهاتیش بۆ دوانزە بەش دابەش ئەکرێت پێنج بەشیان بۆ کارو چوار بەش بۆ سەرمایەو سێ بەشیش بۆ خاوەن بەهرەکان.

فۆریە بانگەشەی دروست کردنی شارە باخچەییەکانی ئەکرد "مدن الحدائق" کە بە سەوزایی

داپۆشراون و نوقمی سروشت بون، بۆئەوەی پێچەوانەی شارە پیسەسازییە گەورەکان بێت کە لەسەرەتای دروست بونیەوە پڕ ئەبێ لە کرێکاران و بانگشەی کۆتایی هێنان بەکاری خزمەت کاری ئەکرد و ئەیوت ئەبێ ئامێرەکان لە کاری خزمەت کردندا بەکاربهێنرێت بۆ ئەوەی کار ببێتە سەرچاوەی خۆشی و بەختەوەری بۆ مرۆڤ نەك ببێتە سەرچاوەی ماندوبون و بەدبەختی و داوای کرد کە بوار بە کرێکاران بدرێ هەرماوەیەك جارێك کارەکانیان بگۆڕن بۆ ئەوەی کارکردن نەبێت بەرۆتینێکی دووبارەبوەوەی بێزارکەرو کەسایەتی مرۆڤە کارگەرەکان هەڵوەرێنێ، فوریە لە هەموو پرۆژەکانیدا سەرقاڵی وردەکاری و لێکۆڵینەوەکان بوو نزیك بوو پرۆژەکانی جێبەجێ بکرێ بەڵام مرد، سان سیمۆن لە لوتکەی ناوداریدا توشی سستی هات و ژیانی لە هێمنیدا کۆتایی هات.

گرنگترین نوسینەکانی فوریە ئەمانەن:-

١. بیردۆزی چوار جوڵەکە ١٨٢١

٢. پوختەی لێکۆڵینەوەی یەکبون (وحدە) ١٨٢٣

٣. دنیای پیشەسازی نوێیان دنیای کۆمپانیاکان ١٨٢٩

٤. درۆو تەڵەکـــەکانی هـــەردوو هـــۆزی ســـان سیمۆن‌و روبـەرت ئۆویـن ١٨٣١

٥. پیشەســازی‌یە درۆزنەکــە ١٨٣٥

***

بەخوێندنــەوەی ژیاننامــەو بــە ســەرهاتی پایــەکانی سوسـیالیزمی خـەیاڵی بۆمـان دەرئەکـەوێ کـە ئـەو زانـاو فەیلـە سـوفانە چـەند لـە هـەوڵی چـاککردنی کۆمەڵگـەدا بونـەو چـەند بـە تـەنگ ژیـانی مرۆڤـەوە بونـەو چـەند لـە هـەوڵی ئـەوەدا بونـە یەکسـانی بچەسـپێ. هۆیـەکانی سـەرنەکەوتنی سوسـیالیزمە خەیاڵیـەکان ئەگەرێتـەوە بـۆ چـەند هۆیـەك لەوانـە:-

١- ئـەو کاتـە هێشـتا سـەرمایەداری گەشـەی نـەکردبوو، و شـێوازی بەرهـەم هێنـان نەخـەملی بـوو پەیوەندی‌یـە چینایەتیـەکانیش نەخـەملی بـوون*.

٢- چینـی کرێکـارانی نـوێ "پرۆلیتاریـا" هێشـتا نەخـەملی بـوو دەڵەمـە بـوو هێشـتا خـەباتی چینایـەتی سـەربەخۆش دەسـتی پێنـەکردبوو*.

---

* رێبازی نوێ، ژمارە (١) ساڵی ١٩٩٣

* رێبازی نوێ، ژمارە (١) ساڵی ١٩٩٣

٣- کەنیسە هێشتا هێزێکی گەورەی لەناو کۆمەڵگای ئەوروپیدا مابوو بواری هیچ پێشکەوتن و ئازادبوونێکی ناو کۆمەڵگای نەدەدا کە بە ژیانی پاپاو قەشەکان و کەنیسە کۆتایی بێت دیارە پاپاو قەشەکان و کەنیسەش خاوەنی سەرمایەو زەوی و زارێکی زۆربوون لەو سەردەمەداو دیارترین دەست وەردانیش ئەوەبوو کە رۆبەرت ئۆوینیان بە بە درەوشتی تاوانبار کردو ناچاریان کرد بەریتانیا بەجێ بهێڵێ.

٤- سەرمایەداریش کە داهێنەری دیموکراسی و لیبراڵیەتە هێشتا بە تەواوی گەشەی نەسەندبوو تابتوانێ بەو دیموکراسی و لیبراڵیەتە ژیانی کۆمەڵگا باشتر بکات و بواریش بۆ زەحمەتکێشان و کرێکاران برەخسێنێ تا لەگەڵ خەیاڵی یەکاندا بچنە ناو ئەزموونی سوسیالیزمەوە، واتە نەبوونی دیموکراسی هۆیەکی تر بوەو نەیهێشتوە بەکامی دڵ بیرو بۆچون و پرۆژەکانیان بدەنە خەڵك بۆ خوێندنەوەو جێبەجێکردنی.

ئامیلكە:

١. خوێندنەوەیەكی كتێبی(بارزانی وبزوتنەوەی نەتەوەیی كورد).
٢. دووبابەت دەربارەی توركیا.
٣. گەلێ ئەمازیغ لە نێوان تەعریب وپاراستنی ناسنامەدا.
٤. جارِی گەردوونیی مافی مرۆڤ.
٥. دەربارەی خۆتێگەیاندنی مرۆڤدۆستانە.
٦. كێشەی كەمینە نەتەوەییەكان لە وڵاتانی عەرەب دا.
٧. مێژووی بزووتنەوەی سەندیكایی.
٨. چەند گوتارێك دەربارەی سیڤرەولۆزان.
٩. كۆماری مهاباد.
١٠. كێشەی ئاو لە رۆژهەڵاتی ناوەراست دا.
١١. بەرنامەی(اجندە)ی M.B.C دەربارەی رێككەوتننامەی واشنتۆن.
١٢. دروست بوونی دەوڵەتی كوردی.
١٣. لە پێناوی یەكگرتنێكی نیشتمانیدا.
١٤. قۆناغە مێژووییەكانی مافی مرۆڤ.
١٥. عێراق وبڕیارەكانی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەكگرتوەكان.
١٦. سەربەستییە گشتییەكان و مافی مرۆڤ.
١٧. لە گفت وگۆیەكی چەند تەوەریی و هەمە لایەن دا مام جەلال بۆ LBC دەدوێ.
١٨. عەبدوالناسرو ئیخوان موسلمین.
١٩. دەقی رێككەوتننامەی واشنتۆن.
٢٠. دەقی كۆنگرەی رۆژنامەنووسی هەڤاڵ مام جەلال.
٢١. هەڤاڵ مام جەلال بۆ B.B.C و C.N.N دەدوێ.
٢٢. فەلسەفەی سۆشیال دیموكرات.
٢٣. هەڤاڵ مام جەلال بۆ كوردستانی نوێ و لە كوردستانی نوێ دەدوێ.
٢٤. گوتاری هەڤاڵ مام جەلال بە بۆنەی رۆژی جیهانیی ژنان .
٢٥. گوتاری هەڤاڵ مام جەلال لە یادی رزگاركردنی كەركوك.
٢٦. . گوتاری هەڤاڵ مام جەلال لە كۆنفرانسی مەڵبەندی رێكخستنی سلێمانی.
٢٧. بەرێوەبردن و سیاسەت .
٢٨. گوتاری هەڤاڵ مام جەلال لە یادی (٢٤)ساڵەی دامەزراندنی (ی.ن.ك)دا.
٢٩. هەندێ مەسەلەی پێویست لە كاری رێكخراوەییدا.

٣٠. ئاشتی، دیموکراسی، مافی مرۆڤ، مافی چارەنووس.
٣١. دەرزیو مرۆ.
٣٢. دەربارەی هەڵبژاردن.
٣٣. دەربارەی دیموکراسی.
٣٤. نەتەوەو نەتەوایەتی.
٣٥. بەڕێوەبردنی گۆڕانکاری ڕێکخراوەیی.
٣٦. بەڕێوەبردنی ململانێی ڕێکخراوەیی.
٣٧. پێداچوونەوەیەك بەئەزموونی (ئیخوان موسلمین)دا.
٣٨. بەڕێوەبردنی گەشەستاندنی ڕێکخراوەیی
٣٩. ئیسلامی سیاسی(ئیخوان موسلمین وەك حزب).
٤٠. شەبەك: مێژوو، ئاین، سەرژمێر.
٤١. گرووپەکانی " تەکفیر" لە میسر
٤٢. ئیسلامو دیموکراسی
٤٣. ئیسلامی سیاسیو کۆمەڵگەی مەدەنی.
٤٤. دەروازەیەك بۆ زانستی سیاسیوبیری سیاسی کوردستان
٤٥. مام جەلال وردەکاریو راستییەکانی راپەڕین روون دەکاتەوە
٤٦. پوختەی ژیاننامەی مامۆستا برایم ئەحمەدی نەمر
٤٧. مێژووی بیری کوردی
٤٨. لە یۆبیلی زیوین دا مام جەلال سەروەرییەکانی یەکێتی دەگێڕێتەوە
٤٩. لە فەرهەنگی ئابوورییەوە.
٥٠. یەکێتیوپرەنسیپەکانی تیۆری کوردایەتی نوێ.
٥١. ئەنفال قۆناغێکە لە پراکتیك کردنی جینۆساید.
٥٢. مێژووی پەرەسەندنی پارەو ئەرکەکانی.
٥٣. وتار بێژیو چۆنیەتی خوێندنەوەی گوتاری سیاسی
٥٤. دیدارێك لەگەڵ ئەحمەد ئۆکجو ئۆغڵووکۆنووسی قسەکانی ئۆجەلان
٥٥. رەگی دیموکراسی لە کوردستان دا.
٥٦. یەکێتی‌ی نیشتمانی‌ی کوردستان بۆچی...؟
٥٧. کادر کێیە؟
٥٨. لە کۆمەڵێکی کۆلۆنیالکراودا، دەوڵەت چییەو کێیە؟